# سویسرا لەڕاپرسی یەکەوە بۆپەیمانی شینگن




فەرەیدون حەمەڕەشید  سویسرا
faraidun_73@hotmail.com

وولاتی سویسرا سەرەڕای ئەوەی پێگەجیوگرافیەکەی لەقوولای وولاتانی یەکێتی ئۆروپا لەنگەری گرتووە و ناوەندێکی سیاسی جیهانیە,دانیشتوانەکەی بەسەرسێ نەتەوەی
ئەڵمان, فەرەنسی, ئیتالی ,دابەشبووە ,هەمیشەخۆی لەهەر هاوپەیمانی و هاوکۆییەکی سیاسی لەگەڵ یەکێتی ئۆروپا پاراستووە..وەك دورگەیەکی ووشکانی بەسەریەکێتی
ئەوروپا ماوەتەوە کەشەپۆلەکانی گەیشتۆتە وولاتانی بەلکان و بلۆکی ڕۆژهەلاتی جاران, بۆماوەی چەندمانگێك دەبێت چەند پرسێکی سیاسی و کۆمەلایەتی مشتومڕی ناو
ناسونال ڕاتی سویسرایە کەبالاترین دەزگایی یاسادانان وپەرلەمانی فیدراڵی ئەو وولاتەیە..پرسی یەکەم چوونەناو پەیمانی شینگن ودبلنە,بۆ پێویست نەبوونی ڤیزا لە
نێوان سویسراو وولاتانی ئەوهاوپەیمانی تیە و والاکردنی سنورەکان و گۆڕینەوەی زانیاری لەسەر پەنجەمۆری پەنابەران کەلەیەکێك لەوولاتانی تری ئۆروپایی داوای
مافی پەنابەرێتی کردبێت,. پرسی دووم گرفت ودیاردەیەکی کۆمەلایەتیە بۆ بەڕەسمی بوون و مارەکردن وپێکەوە نانی هاوسەری لەنێوان دووکەسی هاوڕەگەزدا چ ژن بن یان
پیاو (هۆمۆسێکسوالەکان ) ,لەگەڵ وردەکاری ماف وبیمەکۆمەلایەتیەکان و چۆنیەتی مانەوەی میرات بۆ کەسی دووەم لەکاتی مردنی کەسی یەکەمی ئەو جۆرە هاوسەرێتی یە
هەمووئەم پرسانەش کاریگەری خۆیان هەیە لەمەودای دووردا بۆئایندەی سیاسی و کۆمەلایەتی سویسری یەکان, بۆیەکلاکردنەوەی ئەم پرسانە ڕۆژی یەك شەممە 6/5 2005
سویسریەکان چوونە پرۆسەیەکی ڕاپرسی یەوە کەزیاتر لەسەدا پەنجاو هەشتی هاوولاتیان بەشداریان تێداکرد,دەرئەنجام بەپێی ڕاگەیاندنەکان بۆپەیوەست بوون
بە شینگنەوە بەڕێژەی زیاتر لە 54 % بە بەڵێ بۆچوونە ناو پەیمانی شینگن دەنگیان دا, بۆپرسی دووەمیش ,بەڕێژەی 58% بەڵێ بوو بۆ بەڕەسمی کردنی
هاوسەرێتی لەنێوان دوو ڕەگەزی وەك یەکدا... S,V,P کەپارتێکی ڕاستڕەوی دژبەپەنابەرانە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی پارداسەرکەوتنی لەکورسەیەکانی پەرلەماندابەدەستهێنا دژی
چوونەناوپەیمانی شینگن وئاوالاکردنی سنورەکان بوو,بەلام لەڕوویەکی تردا پارتی SVP بەسەرکەوتنی دائەنێن بۆپارتەکەیان بەوەی لەئاکامی گۆڕینەوەی زانیاریەکان
لەسەرپەنجەمۆری پەنابەران دژایەتی وفشارەکانیان بەڕووی پەنابەراندا والاتردەبێت..,پارتی دیموکراتی مەسیحی لەگەڵ چەند پارت و ڕێکخراوەکانی تردا دژی پرسی
هۆمۆسێکسوالەکان بوون ,بەپێچەوانەشەوە پارتەکانیF.D.P.و لیبرال و گرۆینەلیبرال و S.P.ی وەکو بەرەیەکی لیبرال هەوڵەکانیان بۆ سەرکەوتنی ڕاپرسیەکەبووبەبەڵێ
,,,,دەنگدان بۆ هۆمۆسێکسوالەکان کەدیاردەیەکی ناسرووشتی کۆمەلایەتی یەو کەمترلە 5 %سەداپێنجی کۆمەڵگایی سویسری پێکدەهێنن بۆئەوەدەگەڕێتەوە لەپرۆپاگەندە

کاندا کەئەبێت ئازادی تاك وەك مافێکی سەرەتایی ڕێزی لێبگیردرێ ,,لەئێستاش بەدوواوە پەنابەرانێك زەرەرمەند دەبن کە لەووڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ڕەفزدەکرێن و شانسی

پەنابەرێتیان نامێنێت ناتوانن وەك پێشووترڕوبکەنەسویسرا,جێگەی ئاماژەیە لەچەندرۆژی ڕابردوودا لەهەردوو ووڵاتی فەرەنساوهۆڵەندا لەترسی توواننەوەی کلتور

ی نەتەوەی و کرانەوەیەکی ڕەها بەرەو ڕووی یەکێتی ئەوروپا دەستووری یەکێتی ئۆروپا ڕەتکرایەوە,بەڵام لەسویسرا کەخاوەنی ئاستێکی ئابووری بەرز و کەمترین ڕێژەی

بێکاریە بەبەراوورد لەگەڵ ووڵاتێکی پیشەسازی وەك ئەڵمانیا,,هەمیشە لەهەڵوێستەکردندا بووە بەرەمبەر یەکێتی ئەوروپا ,بەڵام ڕاپرسیەکەی

ڕۆژی یەك شەممەی2005/6/5 و.چوونە ناوپەیمانی شینگنەوە و واڵاکردنی سنوورەکان نیشانەی بوون بەژێر ئاوە وەی دوورگەی سویسرایە بەشەپۆلەکانی یەکێتی ئەوروپا لەئایندەیەکی دووردا ,